
## یاریزانی تێنسی سەرزەوی گەشبین ئەحمەد:

# قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان هەنگاوێكی پێویستە

**■ گەشـــبین یەكێكە لە یاریزانە سەركەوتووەكانی یاریی تێنسی سەر زەوی لە شاری سلێمانی، لەدایكبووی ساڵی ١٩٩٧ی ئەو شـــارەیە،خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە، لە پاڵەوانێتیی تێنســـی كچانی عێراق توانی ئەنجامێكی شایستە بەدەست بهێنێت، ناوبراو یاریزانی یانەی ئافرۆدیت و هەڵبژاردەی سلێمانییە.ئێمەش لەنزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**



***لە پاڵەوانێتیی تێنسی سەر زەوی كچانی عێراق چۆن بوو پلەی دووەمت بەدەستهێنا؟**

-لە ڕاســـتیدا من بۆ پلەی یەكەم بەشداری ئەم پاڵەوانێتییەم كرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی یاریزانەكانی بەرامبەریشم بەهێز بوون توانیم لە ئاستی خۆم پلەی دووەم بەدەست بهێنم.

***ئاستی ئەم یارییە لەكوردستان چۆن دەبینیت ؟**

-ئاستێكی باشی هەیە لەكوردستان،شـــارەكانیش گرنگی باشی پێ دەدەن،بەهیوای ئەوەشم گرنگی زیاتری پێ بدرێت.پێشبینی دەكەم لە ئایندەیەكی نزیك ئاستی زۆر بەرز بێتەوە

***لەسەرئاستی شاری سلێمانی چۆنە ؟**

- شارەكەمان لەگشت یارییەكاندا پێشكەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئێمەش وەكو كچانی یاریزان گرنگی زۆر بە یاریی تێنسی سەرزەوی دەدەین بەهیوای ئەوەین ئاستی ئەم یارییە لە شارەكان باشتر بێت لە ئێستاشدا كاری باشی بۆكراوە.

*** بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە شارەكاندا چی بكرێت باشە ؟**

- پێویســـتیمان بە كردنەوەی خولی زیاتر وكردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانە، پێویستیشە گرنگی بە ئاستەكانی تەمەن بدەین.

***كێشەو گرفتتان لەم یارییەدا چییە ؟**

-كێشەی سەرەكیی ئێمە نەبوونی یاریگاو گرانیی هات وچۆكردنمانە بۆ مەشقەكان،ئەوەش كاریگەریی لەسەرمان دەبێت، هەرچەندە بنكەی وەرزش و لاوانی سلێمانی یاریگامان بۆ دابین دەكەن، بەڵام بەهیوای ئەوەم یاریگایەكی تایبەت بۆ خۆمان هەبوایە باشتر بوو.

***ڕێژەی كچان لەم یارییە زۆر بەرچاو نییە هۆكاری ئەمە چییە ؟**

-لەبەر نەبوونی یاریگاو كەلوپەلی پێویست كچان زۆر روو لە وەرزش ناكەن.

***وەكو كچە وەرزشكارێك هیواو ئاواتت چییە ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم باشـــترین ئەنجام لەگەڵ هەڵـــبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتییەكانی دەرەوە تۆماربكەم.

***چی بەوكچانە دەڵێی كە لە جیهانی وەرزشەوە دوورن ؟**

-بەهیوای ئەوەم كچانی كوردســـتان ڕوو لە وەرزش بكەن، چونكە سوودێكی زۆری هەیە بۆ جەستەی مرۆڤ .

***هەست ناكەیت یانەكەتان تاكە یانەیەكە كە زۆر گرنگی بە تیپی كچان دەدات؟**

-بـــێ گومان یانەكەمان زیاتر تیپی كچانە تەنیا مەبەســـتی خزمەتكردن وپێشـــكەوتنی وەرزشـــی كچانە، بۆیـــە هەموو كات تیپەكانی لە زیاد بووندایە، پێشـــبینیش دەكەم تاكو ماوەیەكی تر هێشتا ڕێژەی یارییەكان و كچانمان لە زیاد بووندا بێت.

***ماڵەوە هاوكاریت دەكەن؟**

-زۆر هاوكارمن، لێرەوەش زۆر سوپاسیان دەكەم.

*** لە كۆتاییدا چیت ماوە ؟**

-زۆر سوپاس بۆ ڕاهێنەرەكەمان كە لە ماوەی رابردوو زۆر هاوكاری كردین ئێمەش بەهیوای ئەوەین لە داهاتوو ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین.

## ڕەیان ڕەشاد:

# من بە پێشکەوتنی تێنسی سەرمێز لە هەولێر گەشبینم

■ کچە یاریزانی تێنسی سەرمێز ڕەیان ڕەشاد، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی تێنسی سەرمێز لە شاری هەولێرو یانەی ئەکاد،ئەو توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەولێرە،ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازکرد.■

***ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینیت ؟**

-ئاستی ئەم یارییە لە ئێستادا زۆر باشە و کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بەرەو پێشتر دەچێت، تەواوی یانەکانی شارەکانی کوردستان گرنگیی زیاتر بە یاریی تێنسی سەرمێز دەدەن، ئەمەش وایکرد کە ئاستی یارییەکە لە شارەکان بەرزتربێت .

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟**

- من وەکو کچە یاریزانێك گەشبینم بە ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز لە شاری هەولێر، چونکە یانەکان گرنگیی باش بە ئاستی کچان دەدەن لەم یارییەدا، ڕۆژ بەڕۆژیش ژمارەی کچە وەرزشوانانی ئەم یارییە لە زیاد بووندایەو چەندین ڕاهێنەری بەتواناش لەم شارەدا هەن.

***بە بۆچوونی تۆ بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت باشە ؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەکان زۆر پێویستە، بۆئەوەی ئەم یارییە زیاتر پێش بکەوێت، هێنانی ڕاهێنەری بەئەزموون بۆ گشت ئاستەکانی تەمەن ومەشقی بەردەوامی یاریزانان.

*** هەست ناکەیت یاریزانی کچ کەم بەشداری لەم یارییەدا دەکەن ؟**

-پێشان ژمارەی کچی یاریزان وەکو پێویست نەبوو، ئێستا لە جاران زۆر باشترە

***کێشەو گرفتان لەم یارییەدا چیە ؟**

- لە یانەی ئەکاد هۆڵی تایبەتمان هەیە و مەشقی بەردەوام دەکەین، سوپاسی دەستەی کارگێڕی وڕاهێنەرەکەمان دەکەم کە زۆر هاوکارمانن لە یاری کردن.

***لە هەڵبژاردەی عێراق داوانەکراویت ؟**

- نەخێر بەڵام لەداهاتوو هەوڵی باشی بۆدەدەم، تاکو ببمە یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە.بۆئەوەی ناوی خۆم بەرز بکەمەوە.

***چی بەو کچانە دەڵێیت کە لە وەرزشکردن دوورن ؟**

-بەهیوای ئەوەم کچانیش بەشداریی وەرزش بکەن وبتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و ببنە کەسانی بەسوود بۆ کۆمەڵگا لە ڕووی وەرزشەوە، بە وەرزش کردن ناوی خۆیان و وڵاتەکەیان بەرز بکەنەوە.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك لەم یارییەدا چییە ؟**

- هیوام وایە بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەم یارییە بەدەست بهێنم.

***یانەی ئەکاد هاوکاریتان دەکات؟**

- بەسوپاسەوە لەگشت ڕوویەکەوە بەردەوام هاوکاریمان دەکەن، منیش لێرەوە سوپاسیان دەکەم

***ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەوکەسانە بکەم کەرۆڵیان لە پێشخستنی تواناکانی مندا هەبووە، بەهیوای ئەوەشم بتوانم گرنگیی زیاتر بە ئاست و توانای خۆم بدەم و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم. سوپاسی خانەوادەکەشم دەکەم کە زۆر هاوکاری منن .



# ڕۆناڵدۆ تاکو هەشت ساڵی دیکە هەر لە ریال دەمێنێتەوە

چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانیی لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا ئەوەیان بڵاوکردۆدتەوە کە ئەستێرەی پورتوگالی و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کریستانۆ رۆناڵدۆ تا هەشت ساڵی دیکە لە ریزی یانەی شاهانەی ئیسپانی دەمێنێتەوە، لەم ناوەشدا رۆژنامەی مارکەی ئیسپانی نزیك لە یانەی مەدرید ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە یانەی ریال مەدرید هەموو ئەو مەرجانەی نوێ کردنەوەی گرێبەستی رۆناڵدۆی پورتوگالی ئاشکراکردووە بۆ ئەوەی کریستانۆ لە یانەی مەدرید درێژە بە ژیانی وەرزشی خۆی بدات، هەمو کارەکان بەکۆتایی هاتوون بۆ قسە کردن لەگەڵ یاریزانی ناوبراو رۆنالدۆ، چەند جارێکیش لەگەڵ ڕاهێنەری یانەکە و کاربەدەستانی یانەی مەدرید بۆ ئەم مەبەستە کۆبۆتەوە، مارکا لە زاری چەند بەرپرسێکی یانەی شاهانە ئەوەی گوتووە کە یانەی مەدرید گرێبەستێکی گرانبەها پێشکەشی کریستانۆ دەکات و پاپەندی دەکات تاکو ساڵێ ٢٠٢٠ و تا کۆتایی ژیانی وەرزشی هەر لە ریال مەدرید دەمێنێتەوە، رۆژنامەی مارکا ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە یانەی شاهانە مووچەی ساڵانەی کریستیانۆی بۆ ١٥ ملیۆن دۆلار زیاد کردووە لە وەرزێکدا،لە کاتێکدا کە ئێستا مووچەکەی کریستانۆ تەنیا ١٠ملیۆن دۆلارە ئەم زیاد کردنەش رۆیشتنی کریستیانۆی بۆ یانەکانی دیکەی ئەوروپا بە ڕووی هەموو یانەکان داخست.






# مۆرینیۆ تا ٢٠ ساڵی دیکە کاری ڕاهێنەرایەتی دەکات

مۆرنیهۆ پێی وایە دەتوانێت تاکو بیست ساڵێ دیکە لەکاری ڕاهێنەرایەتی بەردەوام بێت، لە ئێستاشدا خۆزی مۆرینیۆ دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت بۆ یانەی ریال مەدرید وەکو ئەلیکس فێرگسۆنی ڕاهێنەری یانەی شەیتانە سورەکان بێت، مۆرینیۆ سێ مانگی ماوە بۆ ئەوەی بچێتە تەمەنی پەنجا ساڵییەوە، ئارەزووی ئەوەش دەکات تاکو تەمەنی حەفتا ساڵی، وەکو ڕاهێنەر لەوەرزش کردن بەردەوامبێت، هەر چەندە مۆرینیۆ ماوە ی زیاتر لە ٢٠ ساڵ مەشق وڕاهێنانی چەندین یانەی بەناوبانگی ئەوروپای گرتۆتە ئەستۆ و ئەنجامی بەرچاویشی بەدەستهێناوە، لە لێدوانێکیشیدا بۆدەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتی ئیسپانیا مۆرینیۆ گوتی: من بەهۆی خۆشەویستیم بۆ وەرزش و تۆپی پێ دەمەوێ بۆماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵی دی لە کاری ڕاهێنەرایەتی بەردەوام بم، مۆرینیۆ لە ژیانی وەرزشی خۆی خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ چەندین یانەی ئەوروپا بەتایبەتی خولی یانەکانی وڵاتان کە ساڵانە ڕکابەریی بەهێزی دەبێت لە نێوان یانەکانی وڵاتان، مۆرینیۆ لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی ریال مەدرید و چێلسی و ئەنتەر میلان توانیویەتی نازناوی خولی یانەکانی ئەو وڵاتانە بەدەست بهێنێت، بۆیە ئەگەر تەمەن ڕێگە بدات مۆرینیۆ دەتوانێت تا بیست ساڵی دی چەندین نازناو بەدەست بهێنێت.

# کاڤانی ڕکابەری مارادۆنا دەکات

دوای ئەوەی کاڤانی لەگەڵ یانەی ناپۆلی ئاستی بەرەو پێش چووە، لە ئێستاشدا یاریزانی ناوبراو خوازیارە ژمارەی گۆڵەکانی وەکو مارادۆنای ئەرژەنتینی لێ بکات، لەم بارەشەوە نیدیسۆن کاڤانی یاریزانی ئۆرگوایی و یاریزانی یانەی ناپۆلی ئیتالی ئەوەی بۆ ڕاگەیاندکاران ئاشکرا کرد کەوا خوازیارە ژمارەی گۆڵەکانی وەرز بۆ وەرز زیاتر بکات و ببێتە گۆڵکارێکی مێژوویی لە یانەی ناپۆلی ئیتالی لەگەڵ سەرجەم گۆڵکارەکانی دیکەی یانەی ناپۆلی جیاواز بێت، گوتیشی دەمەوێت ژمارەی گۆڵەکانم لە مارادۆنای ئەستێرەی پێشووی یانەکە و ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتینی زیاتر بێت، ناشمەوێ خۆم لە ئاستی مارادۆنا ببینم و بڵێم دەگەمە ئاستی ئارماندۆ مارادۆنا خۆشم وەکو ئەو ناناسێنم، بەڵام من کە لە شاری ناپۆلی رۆیشتم مێژوویەك لەم شارە جوانە بەجێبهێڵم بە ناوی خۆم تۆماری بکەم، بزانم شتێکم بۆ ئەو شارە کردووەو گوتیشی دەمەوێ بتوانم ژمارەی گۆڵەکانم لەهەر هەموو گۆڵکارەکانی دیکەی یانەی ناپۆلی زیاتر بێت، شایەنی ئاماژە پێکردنە گرێبەستی کاڤانی و یانەی ناپۆلی ئیتالی تاکو پێنج ساڵی دی بەردەوام دەبێت و دووساڵ پێش ئێستا لە یانەی پالیرمۆوە هاتۆتە ریزی یانەی ناپۆلی تاکو ئێستاش خاوەنی ٦٩ گۆڵە لەگەڵ یانەکەی وپێشتریش مارادۆنا لە ماوەی حەوت ساڵی یاری کردن لە ریزی یانەی ناپۆلی تەنیا ١١٥ گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمارکرد.





# لۆڤیش

## ستایش کرا

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئەڵمانیا رۆژ بە رۆژ ئاستی هەڵبژاردەکەی بەرەو پێش دەچێت، سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەڵمانیا ستایشی ئاست و تواناکانی لۆڤی ڕاهێنەری یەکەمی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای کردو ئەوەشی بۆدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکرا کرد کە لۆڤ یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی جیهان و خاوەن کەسایەتییەکی بەرزە و کەسێکی زۆر شیاوە بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردەیەکی گەورە وەکو ئەڵمانیا هەر چەندە لۆڤ لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەکات، بەڵام نەیتوانیوە هیچ نازناوێك بەدەست بهێنێت، بەڵام ئاستی یاریزانانی هەڵبژاردەی مانشافت زۆر بەرەو پێشچووە، لەوەتەی لۆڤ سەرپەرشتی ئەڵمانیا دەکات تەنیا لە ریزبەندی فیفا، ئەڵمانیا،هەر لە پلەی دووەم دێت، ئەگەر نا تاکو ئێستا نەیتوانیوە نازناوێکی جیهانی بباتەوە، سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی ئەڵمانیاش گوتی: ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگە کە ئاستی هەڵبژاردەکەمان زۆر بەرز دەبێتەوە هەموو وڵاتانی جیهانی بە ئاسۆیەکی گەشەوە سەیری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا دەکەن، شایەنی ئاماژە پێکردنە لە ئێستادا بەرپرسانی وەرزشی وڵاتی ئەڵمانیا بەگشتی لە ئاست و توانایی لۆڤ ڕازین و بەکەسێکی زیرەکی دەزانن بۆ وەرزشی ئەڵمانیا و گرێبەستەکەشی لە دوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانێتیی جامی جیهانی ٢١٠٤ی بەرازیل کۆتایی دێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە هەوادارانی وەرزشی پێشبینی دەکەن گرێبەستەکەی بۆ نوێ بکەنەوە.



## بەهۆی پابەندنەبوونی یانەی سلێمانی

# دیدار حامد گرێبەستی هەڵوەشاندەوە

دوای ئەوەی یانەی سلێمانی بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقیدا دیدار حامد لە مانگی رابردوو بەفەرمی گرێبەستێکی بەبڕی ٦٥ ملیۆن دیناری عێراقی لەگەڵ یانەی سلێمانی مۆرکرد، بۆ ئەوەی لە خولی بژاردەی عێراقی یاریی بۆ یانەی سلێمانی بکات،بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکەوە دیدار حامد ریزی یانەی سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو شاری هەولێر هاتەوە، لە ئێستاشدا گرێبەستی لەگەڵ هیچ یانەیەکدا مۆرنەکردووە،لەم بارەشەوە ئەیوب عەزیز سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی وەرزشی سلێمانی بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند «پێشتر لەگەڵ دیداردا رێکەوتبووین تاوەکو بۆ ماوەی وەرزێك و بەبڕی ٦٥ ملیۆن دینار یارییان بۆ بکات و لەرووی نرخی گرێبەستەکەشەوە هەردوولا هیچ کێشەیەکیان نەبووە. ناوبراو گوتیشی بەهۆی رێکنەکەوتنی هەردوولا لەسەر چەند وردەکاریەکی ناو گرێبەستەکە و سەرقاڵی دیدار بەچەند کارێکی خۆیەوە لەشاری هەولێر، بڕیاریانداوە پێش ئەوەی گرێبەستەکەی لەلایەن یەکێتیی تۆپی پێی عێراقەوە پەسەند بکرێت، گرێبەستەکەی دیدار هەڵبوەشێننەوە.

بەوتەی سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی سلێمانی لەگەڵ قائید سەدیری برای ساڵح سەدیر و گۆڵچی یانەی نەجەف گفتوگۆکانیان دەستپێکردووەو بڕیارە رۆژی یەك شەممە گۆڵچی ناوبراو بگاتە شاری سلێمانی، پێشتریش یانەی سلێمانی گرێبەستی لەگەڵ هەردوو گۆڵچی عەلا خەلیل لەیانەی کەرخ و ئیسماعیل ئەحمەد لەیانەی پێشمەرگە ئەنجامداوە، کە نرخی گرێبەستی ئەوەی یەکەمیان ٢٣ ملیۆن دینارە و گرێبەستەکەی ئیسماعیلیش ١٦ ملیۆن دینارە. لە بەرامبەریشدا دیدار حامد گۆڵچی پێشووی یانەی هەولێر بەگۆڤاری گوڵانی راگەیاند «هەر چەندە پێشتر من و یانەی سلێمانی رێکەوتنی فەرمیمان مۆرکردبوو کەوا لە خولی بژاردەدا یاریی بۆ یانەی سلێمانی بکەم،بەڵام بەهۆی هەندێك کێشەوە گرێبەستەکەم هەڵوەشاندەوەو زیاترگوتی: یانەی سلێمانی بڕیاری ئەوەیان دابوو بە هەموو شتێکی من ڕازی بن، بەڵام دواتر لە زۆر شت پەشیمان بوونەوە، یانەی سلێمانی بە منیان گوت هەفتەی سێ رۆژ وەرە مەشقەکانمان دواتر پەشیمان بوونەوە گوتیان دەبێ شەش رۆژ بێیتە مەشقەکان،هەروەها گوتیان مووچەی مانگانەمان بۆ تۆ ملیۆنێك و نیو داناوە، کێشەمان بۆ دروست بووە دەبێت کەمی بکەینەوە، بۆیە منیش بەوانە ڕازی نەبووم، بڕیاری واز هێنانم داو گرێبەستەکەم هەڵوەشاندەوە، ئێستاش نەچوومەتە هیچ یانەیەکەوە.



# پێشمەرگەی هەولێر پاڵـ

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی مەلەوانی لە شاری هەولێر بە سەرپەرشتی یەکێتیی مەلەوانی لقی هەولێر بەبەشداری هەریەك لە یانەکانی (پێشمەرگەی هەولێر، ئارارات، کۆیە، قەڵای هەولێر، جیهان، ئەکاد، پێشکەوتن)، پاڵەوانێتیی مەلەوانی یانەکانی هەولێرو دەوروبەری بۆ ئاستی کوڕان ئەنجامدرا، لە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی یانە بەشداربووەکان بۆماوەی یەك رۆژ کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەست هێنانی ئەنجامەکانی پێشەوە لە جۆری مەلەوانیی باسکەمەلە وسینگەمەلە

# یاریزانێکی ئەهلی میسری پەیوەندی بە تێنسی سەرمێزی سلێمانییەوە دەکات

بەمەبەستی تۆکمە کردنی پێکهاتەی تیپەکەی و بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرچاو لەدوایین قۆناغی خولی تێنسی سەرمێزی یانەکانی عێراق، یانەی سلێمانی ئەحمەد نەدیمی یاریزانی یانەی ئەهلی میسری دەهێنێتە ریزەکانیەوە.

بڕیارە رۆژی ١٤ی مانگی داهاتوو لەشاری نەجەف، قۆناغی کۆتایی خولی تێنسی سەرمێزی یانەکانی عێراق بەڕێوەبچێت، بۆ ئەو مەبەستەش یانەی سلێمانی لەگەڵ یاریزانی بەئەزموونی یانەی ئەهلی میسری ئەحمەد نەدیم گەیشتووەتە رێکەوتن و یاریزانی ناوبراو بەرامبەر بڕی (٢٥٠٠) دۆلار لەو قۆناغەدا یاریی بۆ یانەی سلێمانی دەکات.

تیپی تێنسی سەرمێزی یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ ماوەی ٦ ساڵی لەسەر یەکە پاڵەوانی عێراقەو بۆ وەرزی ئەمساڵیش ئامانجیان پارێزگاری کردنە لەنازناوەکەیان.





# عەلا عەبدولزەهرە بووە یاریزانی دهۆک

دوای ئەوەی یانەی دهۆك پلیتی بەدەستهێنانی جامی ئاسیای بەدەستهێناو بووە یەكێك لە یانە بەشداربووەكان بۆ وەرزی نوێی جامی ئاسیا، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی دهۆك لەئێستادا لە ئامادەكاریدایە بۆ خۆئامادەكردن بۆ هەردوو خولی بژاردەی یانەكانی عێراقی و جامی یەكێتیی یانەكانی ئاسیا، بۆئەم مەبەستەش لە وڵاتی توركیا لە كەمپێكی مەشق وڕاهێناندان و لە ئێستاشدا دەستەی كارگێڕیی یانەكە لە هەوڵی ئەوەدایە ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا لە یانەكەیان كۆبكەنەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە وەزری نوێی خولی بژاردەی یانەكانی عێراقی، لەم ناوەشدا یانەی دهۆك گرێبەستێكی لەگەڵ یاریزانی بەتوانای هەڵبژاردەی عێراق و پیشەگەر لە وڵاتانی عەرەبی عەلا عەبدولزەهرە مۆركرد، لەم بارەشەوە سەعید ئەحمەد سەرۆكی یانەی دهۆك بەگۆڤاری گوڵانی گوت « ئێمە لە ئێستادا لە ئامادەكاریداین بە مەبەستی باشتر خۆئامادەكردنی تیپەكەمان لە وڵاتی توركیا و ئەنجامدانی چەند یارییەكی دۆستانە و ئێمە ئەم وەرزە دەمانەوێ ئاستێكی شایستە پێشكەش بكەین و ئەنجامان بەرچاو بێت لە خولەكانی عێراقی و ئاسیا، گرێبەستێكمان بەفەرمی لەگەڵ یاریزانی بەتوانای هەڵبژاردەی عێراق عەلا عەبدولزەهرە مۆركردووە و بۆ یەك وەرز یاریكردن لە ریزی یانەی دهۆك لە جامی ئاسیا و خولی بژاردەی عێراقی، گوتیشی : ئێمە بڕیار بوو گرێبەست لەگەڵ یاریزانی بەتوانای هەڵبژاردەی عێراقی دانیشتوی وڵاتی هۆڵەندا ئوسامە رەشید مۆربكەین، بەڵام دیار بوو باوكی یاریزانی ناوبراو ڕازی نەبوو لەسەر هاتنی بۆ یانەی دهۆك، بۆیە ئێمەش گرێبەستمان لەگەڵ مۆرنەكرد، لە بارەی بڕی گرێبەستی یاریزانی ناوبراو، سەرۆكی یانەی دهۆك ئامادە نەبوو بڕی گرێبەستەكەی ئاشكرا بكات، گوتیشی: لەئێستادا تیپەكەمان هیچ كێشەو گرفتێكی نییە و ئامادەیە بۆخولی عێراقی و ئاسیا.

شایەنی باسە یانەی دهۆك لەم وەرزە لەسەر دەستی ڕاهێنەری بەتوانای عێراقی جەمال عەلی بەشداری هەردوو خولی عێراق و ئاسیا دەكات و ژمارەیەك یاریزانی پیشەگەریشی لە ریزی یانەكە كۆكردۆتەوە.



# ...ەوانی مەلەوانیی هەولێر بوو

و پشتەمەلە و پەپوولە پۆستی سەربەست، ئاستێكی بەرزیان پێشكەش كرد، لە پاڵەوانێتیەكەشدا یاریزانانی بەشداربووی یانەكان ئاستێكی بەرزی یاریی مەلەوانییان لە شاری هەولێر پێشكەشی ئامادەبووان كردو ئەنجامی كۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

١- یانەی پێشمەرگەی هەولێر١٥خاڵ
٢- یانەی ئارارات ١١خاڵ
٣- یانەی كۆیە ٩خاڵ

# بابان بەهادین بووە خێراترین پیاوی كوردستان و عێراق

پاڵەوانێتیی یانەكانی كوردستان بۆ تیپەكانی گۆڕەپان و مەیدان، لە نێو تراكەكانی یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر دەستی پێكردو لە یەكەم ڕۆژدا دوو ژمارەی كوردستانی و عێراقی تۆماركران.

لە یاری ١٠٠ مەتری كوڕاندا، یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق بابان بەهادین ڕیكۆردێكی نوێی كوردستانی و عێراقی و ژمارەیەكی نوێی لە ڕاكردنەكە تۆماركرد كە توانی ماوەكە ٢١-١٠ چركە تۆماربكات.

بابان ساڵانێكە یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراقەو خاوەنی چەندین مەدالیای كوردستان و عێراق و عەرەبییە.

